# ئەبو هورەیرە {إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ}ی بۆیان خوێندەوە، وسوجدەی برد، پاش سوجدە بردنەکە پێیانی ووت کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سوجدەی برد (پاش خوێندنی ئەم سورەتە)

لە ئەبی ڕافیعەوە دەڵێت: «ئەبو هورەیرە {إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ} -سورەتی الإنشقاق-ی بۆیان خوێندەوە، وسوجدەی برد، پاش سوجدە بردنەکە پێیانی ووت کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سوجدەی برد (پاش خوێندنی ئەم سورەتە)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە -سورەتی الإنشقاق-ی خوێندەوە، وپاش خوێندنەوەی ئەم ئایەتەی سوجدەی برد: {وَإِذَا قُرِئَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقُرۡءَانُ لَا يَسۡجُدُونَ} [الإنشقاق:21] واتە:{وە کاتێك کە قورئانیان بۆ بخوێنرێتەوە سوژدە نابەن (ملکەچ نابن)}. وسەبارەت بە ئەم سوجدە بردنە ئینکاری لێکرا لە لایەن ئەبی ڕافیعەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: لە ئەبی ڕافیعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: (ئەم سوجدە بردنە چیە؟)، وئینکاری لێیکرد چونکە گێڕانەوە هەیە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوجدەی نەدەبرد لە پاش خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی کە سوجدە بردن لە پاش خوێندنەوەیان سونەتە لە جوزئی سی لە بەشی -المفصل- لە پاش ئەوەی -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ مەدینە، وناکۆکی هەیە لە نێوان زانایان سەبارەت بەوەی -بەشی المفصل- لە چی سورەتێکی جوزئی سی دەستپێدەکات. ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: (ئەگەر پێغەمبەرم نەبینیایە -صلى الله عليه وسلم- کە سوجدەی دەبرد؛ ئەوا منیش سوجدەم نەدەبرد -واتا ئەو سوجدەی بردووە بۆیە منیش سوجدە دەبەم-): مانای ئەوەیە وەکو شوێنکەوتن بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوجدە دەبات.



النجـاة الخـيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee